ئەگەر یەکێکتان پێڵاوی لەپێکرد؛ ئەوا با سەرەتا پێی ڕاست لەپێبکات، ولە کاتی داکەندا؛ ئەوا با سەرەتا پێی چەپ دابکەنێت، یەکەم جار پێی ڕاستی لەپێبکات، کۆتا جار پێی ڕاستی دابکەنێت

لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان پێڵاوی لەپێکرد؛ ئەوا با سەرەتا پێی ڕاست لەپێبکات، ولە کاتی داکەندا؛ ئەوا با سەرەتا پێی چەپ دابکەنێت، یەکەم جار پێی ڕاستی لەپێبکات، کۆتا جار پێی ڕاستی دابکەنێت (واتە: بە پێچەوانەی لەپێکردنەوە) با پێی ڕاستی لە کاتی لەپێکردندا یەکەم بێت، ولە کاتی داکەندا کۆتا بێت». [مەبەست تەنها پێڵاو نیە بەڵکو هەر شتێکی تر لەپێبکرێت وەکو: نەعل وسۆل وگۆرەوی وهەر شتێکی تر]

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سونەت وموستەحەب ئەوەیە کە لەپێکردنی نەعل یان پێڵاو یان گۆرەوی یان پۆشینی هەرشتێکی تر وەکو پانتۆڵ وشەروالّ وکراس؛ سەرەتا بە پێی ڕاست ولای ڕاست دەستپێبکرێت، وسونەت ئەوەیە لە کاتی داکەندا بە پێچەوانە بێت سەرەتا پێی چەپ ولای چەپی دابکەنێت، وئەمیش نیشانەی ڕێزگرتنە لە لای ڕاست.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5357